# لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیو ئینگلیزی


م.ی. سۆران عبدالرحمن حمد

زانکۆی ڕا پەڕین

فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی کوردی

م.ی. خالد علی عبدالله

زانکۆی ڕا پەڕین

فاکەڵتی پەروەردەی قەلادزێ

بەشی ئینگلیزی



**پێشەکی:**

هەموو زمانێك خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی زماندا، دەشێ هەندێ زمان هاوبەش بن، یان جیاوازبن لە زۆر بەکارهێناندا، کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لێکچوونو جیاوازیەکان دەردەکەون، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەراورد دەکات لە نێوان مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیو زمانی ئینگلیزی، لێکچوونو جیاوازی شێوازی بەکارهێنانیان دەخاتە ڕوو، کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بەکارهێنراوە، لەگەڵ زمانی ئینگلیزی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری بەراوردکاریانە بەکارهاتووە.

ئامانج لەم کارە، بەراوردکردنی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی هەردوو زمانە، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەو دەرخستنی زانیاری لە سەر لێکچوونو جیاوازیی لە بەکارهێنانەکانیاندا، ئەنجامەکانی ئەوە دەردەخەن، کە هەریەکە لەم دوو زمانە چەند مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی جیاوازیان هەیە، کە لە زمانی کوردی بە پاشگرو پێشگری ڕەگی وشە دەلکێن، بەلاَم لە زمانی ئینگلیزی هەمیشە پاشگرن، سەرەڕای هەندێك لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لەزمانی کوردی بەپێی باری ڕستەکە دەچنە سەر ناو و کار و ئاوەڵناو.


## بەشی یەکەم/ مۆرفیمو تایبەتمەندیو جۆرەکانی:

### ١- مۆرفیم:

مۆرفیم وەك زاراوەیەکی بواری زمان بەکاردێتو بەوە پێناسە دەکرێت، کە ((بچوکترین یەکەی واتایە، یان ئەرکی ڕێزمانییە)) (Yule,٢٠١٠: ٦٧-٦٨) واتە یەکە ئەرکە ڕێزمانییەکان ئەو شێوانە لەخۆ دەگرێت، کە بەکاردەهێنرێن بۆ دەرخستنی(کۆ، ناساندن، کەسو ژمارە، کاتو دەم، پلەی ئاوەڵناو،....هتد) بۆنموونە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا، وشەی (منداڵەکان) لە سێ مۆرفیمی (منداڵ، -ەك، -ان) پێکهاتووە، مۆرفیمی (منداڵ) مۆرفیمی سەربەخۆیە، بچوکترین یەکەی واتایی هەیە.

هەروەها مۆرفیمی (-ەك) مۆرفیمێکی ڕێزمانییە، کە بۆناساندنی ناو بەکارهاتووە، هاوکات مۆرفیمی (-ان) مۆرفیمێکی ڕێزمانییە بۆ کۆکردنەوە بەکارهاتووە، لەهەمان ڕستەدا مۆرفیمی (لە) وەك مۆرفیمێکی ئەرکی بەکارهاتووە، لە وشەی (گەڕانەوە) مۆرفیمی (-ەوە) وەك پاشگرێکی وشە داڕێژ بەکارهاتووە، کە بچوکترین یەکە ڕێزمانییە، واتای دووبارەبوونەوە بە کارەکە دەبەخشێتو وشەکەی لە سادەوە گۆڕیووە بۆ داڕێژراو.

- منداڵـــەکـــانلە قوتابخانە گەڕانـــەوە.

هـەروەها مـۆرفیم بەشـێوەیەکی تـر پێناسـەکراوە، کـە ((بچـوکترین یەکـەی زمانـە، کـە واتـای هـەبێت)) (lieber,٢٠١٢:٣) بۆ نموونە:

(بەرد، گوڵ، جوان، هات،..) ئەم مۆرفیمانە بچوکترین یەکەی زمانن واتایان هەبێت.

**٢- تایبەتمەندی مۆرفیم:**

تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم بەپێی زمانە جیاوازەکان گۆڕانیان بەسەردادێت، بەڵام ئـەم تایبەتمەندیانـەی خـوارەوە مەرجی بوون بە مۆرفیمن:

أ/ مۆرفیم وشەیەکە، یان بەشێکە لە وشە، کەواتای هەبێت. بۆنموونە:

- هات. (وشەیەکی سەربەخۆی واتادارە)
- هاتەوە. (مۆرفیمی (-ەوە) بەشێکە لە وشەی (هاتەوە)، مۆرفیمی بەند )

ب/ مۆرفیم بچوکتر ناکرێتەوە، ئەگەر بچوك کرایەوە، یان واتای دەگۆڕێت، یان واتا لە دەست دەداتو بێواتا دەبێـت، بۆنموونە:

- ڕاکێشان: ئەگەر بچوکتر بکرێتەوە بۆ (کێشان) ئەوا واتاکەی گۆڕانی تەواوی بەسەردادێت.
- دێ: مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارە، بەڵام ئەگەر بچوکتر بکرێتەوە، پارچەکانی بێواتا دەبن، واتە واتـا لـە دەست دەدەن.

ج/ دەشێ مۆرفیمەکان بە واتای نەگۆڕ، لە شوێن جیاواز بەکاربهێنرێن، بۆنموونە:

(هەڵفڕین، هەڵچوون، هەڵکردن، هەڵخستن)

لێرەدا مۆرفیمی (هەڵ-) بە واتای نەگۆڕ (بەرزبوونەوە دەگەیەنێتو ئاڕاسـتەی بـەرەو سـەرەوەیە)بەکارهاتووە، لـە سەر وشەی جیاواز (Stageberg & oaks, ٢٠٠٠: ٨٣).

**٣- جۆرەکانی مۆرفیم:**

زمانەوانان مۆرفیمەکان بەسەر دووجۆردا دابەشکردووە: (مۆرفیمی سەربەخۆ (ئازاد) و مۆرفیمی بەند)

**١- مۆرفیمی سەربەخۆ (ئازاد):**

- ئـەوجۆرە مۆرفیمانـە دەگرێتـەوە، کـەوەك وشـەیەکی ئـازادو سـەربەخۆی واتـادار بـەکاردەهێنرێن. (McCarthy, ٢٠٠٢:٢٠) نموونە:(بەرد، سەر، ئاو، بۆ، نان، دڵ، یان، بە)

- مۆرفیمە سەربەخۆکان دابەش دەکرێن بەسەر دووجۆردا:

**أ/ مۆرفیمی لێکسیکی (فەرهەنگی):**

مۆرفیمە لێکسـیکییەکان بـریتین لـە (نـاو، ئاوەڵنـاو، ئاوەڵکـار، کـردار، .....هـتـد) هەریەکـەیان وەك وشـەیەکی فەرهەنگی زمان بەکاردەهێنرێن، ئەم جۆرە مۆرفیمانە بە وشە پۆلەکراوەکان (open class) ناسراون، وشەی نوێ دروست دەکەن، نموونە:

(گڵ، کورد، جوان، باش، دوێنێ، ئیستا، چوو، کرد،....)

**ب/ مۆرفیمی ئەرکی:**

مۆرفیمە ئەرکییەکان ئەوجۆرە مۆرفیمانەن، کەوا ئەرك وەردەگرنو بەسەربەخۆیی بەکاردەهێنرێن، ئەمەش وەکو (لە ، بە، بۆ، .....هتد)

**٢- مۆرفیمی بەند:**

ئەو جۆرە مۆرفیمانەن، کە ناتوانرێت بەشێوەیەی وشەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێت، ئەمانە بە وشەی سەربەخۆوە دەلکێن، واتە بەسەربەخۆی هیچ واتایەك نابەخشنو بەکارناهێنرێن، چونکە ئەمانە لەزمانی کوردیدا وەکو (پێشگر، پاشگر،...) لەگەڵ مۆرفیمە ئازادەکان بەکاردەهێنرێنن، بۆ نموونە:

(ڕاگر، شەکردان، ئەم باخە، پێمدا،....)

- مۆرفیمە بەندیەکان دەکرێن بە دووجۆر:

**أ/ مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ:**

ڕەگی وشەی هەموو زمانێك هەڵگری واتای سەرەکییە، بەڵام هیچ زمانێك بەتەنها بە ڕەگی وشەکان ناتوانرێت پێداویستیەکانی بەکارهێنانی زمان دابین بکات، بەڵکو ((ڕەگی وشەی سادە بەیاریدەی پێشگرو پاشگر، دەتوانن سەدان وشە دروست بکەنو سەدان ماناومەبەست دەربڕن)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٣١)

- نەرم + ین = نەرمین
- ڕا + ماڵین = ڕاماڵین

**ب/ مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی:**

ئەو مۆرفیمانەن، کە لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی زمان بەکاردەهێنرێن، چەند فۆڕمێکی جیاواز دروست دەکەن، بەهۆی وەرگرتنی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان، بەپێی بەکارهێنانی مەرجە ڕێزمانییەکان گۆڕانی بەسەر دادێت (McCarthy, ٢٠٠٢:٣٠). بۆ نموونە:

- گوڵ + -ەکە = گوڵەکە
- گوڵ + -دان = گوڵدان
- گوڵ + -ێك = گوڵێك

لەم نموونانەی سەرەوەدا ناوی (گوڵ) چەند شێوەیەکی جیاوازی وەرگرتووە، بەهۆی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان، کە بەهۆی (-ەکە) ناسێنراوە، بەهۆی (-ان) کۆکراوەتەوە، بەهۆی (-ێك) واتای تاکیو نەناساندنی بە ناوەکە بەخشیووە.

**بەشی دووەم/ مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی:**

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی، کە کۆمەڵێك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی هەن، کە لە لای زمانەوانان بە شێوازی جۆرارو جۆر باسی لێکراوە، هاوکات بە گشتی هاوڕایی بەدیدەکرێت لەسەر مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی، هەرچەندە بەدەر نییە لە تێڕوانینی جیاوازو دژبەیەك،[١] لێرەدا مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بەراورد کراوە بە مۆرفیمە بەندە ررێزمانییەکانی زمانی ئینگلیزی.

[١]- لەم باسەدا زیاتر کار لەسەر ڕای هاوبەش دەکرێت،، واتە ئەو ڕایانەی گشتینو لێڵو نادیار نین ، بۆ ئەوەی ئامانجی بەراوردی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی باشتر بەدەست بهێنرێت.

مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان بەپێی دابەشبوونیان بەسەر (ناو، کار، هاوەڵناو) تایبەتمەندی ڕێزمانی خۆیان وەردەگرن، بەلام هەندێجار ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیانەی، کە لەگەڵ ناو بەکاردێن، لەگەڵ هاوەڵناویش بەکاردێنو هاوبەشیەکو جێگۆرکێیەك بەدی دەکرێت، بەپێی یاساو ڕێککەوتن لە پێکهاتەی ڕستەکەدا، بۆنموونە:

١. ئێمە باخەکەمان کێلا.

٢. ئێمە باخە جوانەکەمان کێلا.

٣. ئێمە جوانەکەمان کێلا. ( جوانەکەمان هات.)

٤. ئێمە کێلامان.

لە ڕستەی یەکەمدا مۆرفیمی (–ەکە، –مان) مۆرفیمی (ناساندن، جێناوی کەسی یەکەمی کۆیە) کەوتونەتە سەر بەرکاری ڕستەکە، بەلام لە ڕستەی دووەمدا ، ناوی (باخ) بە ئاوەڵناوی (جوان) دەرخراوە، کەوتونەتە سەر ئاوەڵناوەکە، لە ڕستەی سێیەمدا ناوە دیارخراوەکە لابراوە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە سەر ئاوەڵناوە دیارخەرەکە، لە ڕستەی چوارەمدا ناوەکەو ئاوەڵناوەکە لابراونو تەنها مۆرفیمی (–مان) کە لە ڕێککەوتندایە، لە گەڵ کەسی یەکەمی کۆ (کەسی قسەکەر) ئەرکی (بکەر)ی بینیوە، بەلام مۆرفیمی ناسیاری (–ەکە) بەیەکجاری لادەچێتو ناتوانێت لەگەڵ کاردا بەسەربەخۆی بەکار بێت، چونکە تایبەتە بە ناو (زمانو ئەدەبی کوردی:٢٠٠٨: ٥٨ – ٦٣).

مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا هەریەکەیان تایبەتن بە (ناو، هاوەڵناو، کار) بەلام لە هەندێکباردا دەگونجێت گۆڕانی بەسەردا بێت و ئاڵوگۆڕ لە شوێنی مۆرفیمەکان ڕووبدات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە ڕستەیەی تێدا دێتو هاتنو لاچوونی کەرەستەپێکهێنەرەکانی ڕستە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان بەشێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

**یەکەم/ ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیانەی لەگەڵ ناو بەکاردێن:**

**أ. مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناساندن:**

ناساندن تایبەتە بە ناو، کە چەمکی دیارییکردنو ناساندنی ناوەکەی هەڵگرتووە، ناساندن (کردەیەکیزمانییە، بریتییە لە ئاشکراکردنی، یان دەرخستنی ناوێکی گشتی لە ناو پۆلەکەیدا) (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٢٨) واتە کردەیەکی کەتیگۆری ناوە، گۆڕانکاری لە باری سینتاکسی ناوەکە دەکات، لە ڕووی ناساندنەوە، کاردەکاتە سەر بەرامبەر، تاکو بە ئاسانی مەبەستو واتا بگاتە کەسی بەرامبەر.

بەگشتی لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (–ەکە) وەکو چالاکترین مۆرفیمی ناساندن دیاریکراوە[٢]، هاوکات ئەم مۆرفیمە بە شێوەی سەرەکی دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئەلۆمۆرفێکی تر لە شێوەی جیاواز بەکاردەهێنرێن، کە هەمان ئەرکی ناساندنیان هەڵگرتووە،[٣] ئەم شێوە جیاوازانەن (–ەکە،–ە،–کە، –یکە، –یەکە، –یەك، –ۆك، –ۆکە، –ك، –ێك، –ەك) (فاروق عمر صدیق، ...:٢٠١٥: ٣٣) و (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٣٢)

مۆرفیمی ناساندن ناچنە سەر ناوی تایبەتی، چونکە ناساندن بۆ ناوێکی گشتییە، کە نەناسرێت لە ناو پۆلەکەی خۆیدا، ناوی تایبەت پێویست بە ناسین ناکات، چونکە خۆی تایبەتە بەیەك شت.

٢- بڕوانە (فاروق عمر صدیق و شیروان حسین حمد: ٢٠١٥: ٣٦)

٣- بەڕای توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، سەرجەم ئەلۆمۆرفەکانی ناساندن لە مۆرفیمی(-ەکە) وەرگیراوە، بەکاریگەری شێوەزارەکانو یاسا فۆنەتیکییەکان شێوەی جیاجیا بۆ مۆرفیمی (-ەکە) پەیدابووە.

مۆرفیمی (–ەکە)ئەگەر لەگەڵ ناوێکی گشتی بەکاردێت، کە کۆتایی ناوەکە بە دەنگێکی نەبزوێن هاتبێت.بەرد + –ەکە= بەردەکە ، دار+ –ەکە= دارەکە ، کوڕ +–ەکە = کوڕەکە

ژوور+ –ەکە = ژوورەکە ، گوڵ+–ەکە= گوڵەکە ، شێر +–ەکە = شێرەکە

مۆرفیمی (–ە) ی ناساندن بەتەنیا لەسەر هەندێك ناو دەردەکەوێت، کە ئەرکی ناساندنی هەڵدەگرێت، بەڵام لە ڕستەدا دەردەکەوێت، بەمەرجێك قسەکەرو گوێگر زانیاری پێشینەییان هەبێت، کۆتایی ناوەکە بە دەنگێکی نەبزوێن هاتبێت.

- لە گەرمیان سەردانی ماڵێکمان کرد، کە تەنیا ژنێکی پەککەوتەی لێبوو،...، ژنە هەژاربوو، بۆیە دەگریا.

لێرەدا (–ە) لە وشەی (ژنە) ئەرکی ناساندنی هەڵگرتووە، بەواتای (ژنەکە) دێت، بەکار هێنانی ئەم مۆرفیمە زۆر چالاك نییە. ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگێکی بزوێن هاتبێت، ئەوا (–ە) ی لەگەڵ ئەم ناوانە بەکارنایەت. (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٩٨)

- دێ + –ە= *دێە ، جۆ + –ە = *جۆە، کا + –ە= *کاە ، موو + –ە = *مووە ، کانی + –ە = *کانیە

ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی /ە/ بێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادات مۆرفیمی (–ە) ناساندن بچێتە سەر ناوەکە، ئەرکی ناساندن نابینێت، بەڵکو بە هۆی مۆرفیمی ناساندنی (–کە) ئەم ناوانە دەناسێنرێن، بۆ نموونە:

- پەنجەرە + –ە = *پەنجەرە – ...... پەنجەرە شکا. ≠–پەنجەرەکە شکا.
- پەنجەرە + –کە = پەنجەرەکە، تەختە + –کە = تەختەکە

هەروەها مۆرفیمەکانی (–ێکە، –یەکە، –ۆکە) لەناوێك، کە کۆتایی بە دەنگێکی بزوێن هاتبێت لەگەڵ (–ەکە) گۆڕانی فۆنەتیکی دروست دەبێت، بەم شێوەیە:

- کانی + –ەکە = کانێکە ، ماسی + –ەکە = ماسییەکە، خانوو + –ەکە = خانۆکە

هەروەها هەریەکە لە مۆرفیمەکانی (–ەك، –ك، –ۆك، –ێك، –یەك) بە پێی یاسا فۆنەتیکی، ئەگەر لەگەڵ مۆرفیمی (–ان) کۆ هاتن، ئەوا بزوێنە درێژەکە (ا)ی مۆرفیمی (–ان)ی کۆ بزوێنە (–ە) کۆتایی مۆرفیمی (–ەکە) دەتوێنێتەوە، لەم کاتەدا ناوەکە دەبێتە کۆو ناسراو، بەم شێوەیە (–ەکە + –ان = ەکان):




هەرچەندە کاتێك ناوێك کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت، بە پێی جیاوازی شێوەزارو شێوازی قسەکردنی ناوچە جیاوازەکان بە شێوەی جیاواز بەکاردێن:

- خانوو + –ەکە = خانۆکە/ خانووەکە
- چەقۆ + –ەکە = چەقۆکە/چەقۆیەکە
- دێ + –ەکە = دێکە / دێیەکە
- کا + –ەکە = کاکە / کایەکە
- کانی + –ەکە = کانێکە / کانییەکە

كەواتە هەریەكە لەم مۆرفیمانە شێوەی جیاوازی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندنن، كە بەكاریگەری شێوەزارو یاسا فۆنەتیكیەكان و ئیكۆنۆمیكردن شێوەی جیاوازیان وەرگرتووە.

هەموو ناوێكی گشتی یان فرێزێكی ناوی دەتوانرێت بناسێنرێت، بەڵام ئەگەر ناوێكی گشتی دەرخرا بە ناوێكی تری گشتی بە یارمەتی مۆرفیمی (–ی)دانەپاڵ (خستنەسەر)دەگونجێت هەردوو ناوەكە، ناسراوبن، یان نەناسراوبن، یان یەكیان ناسراو یەكیان نەناسراو بێت.

١– كورەكانی شارەكە هاتن.

٢– كوڕەكەی شار هات.

٣– كوڕی شارەكە هات.

٤– كوڕی شار هات.

هەروەها ئەگەر ناوێك دەربخرێت بە هاوەڵناوێك بە یارمەتی مۆرفیمی (–ە) دانەپاڵ، واتە ((ناوە دیارخراوەكە تاك بێ یا كۆ ناسراو بێت، دیارخراوەكە پێش دیارخەر دەكەوێت لەسەر شێوەی ناوێكی لێكدراو)) (زمانو ئەدەبی كوردی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی: ٢٠٠٨: ٦٢)

٥– كچە بچوكەكەماڵەكە پاك دەكاتەوە.

ئەگەر ناوە دیارخراوەكە لابرا، ئەوا مۆرفیمی كۆو ناسراوی دەچنە سەر ئاوەڵناوەكە، ئاوەڵناوەكە هەڵگری ئەركە ڕێزمانییەكانی ناوە دیارخراوە لابراوەكەیە (ئەبوبەكر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٢)

٦– گوڵە سپییەكان ئاو بدە.– سپییەكان ئاو بدە.

٧– خوێندكارە یەكەمەكان خەڵاتكران. – یەكەمەكان خەڵاتكران.

كەواتە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندن دەگونجێت ناوێك، یان فرێزێكی ناوی بناسێنێت، كە گوێگر بیناسێت مەبەستی كام ناوەیەو جیای بكاتەوە لە پۆلەكەی خۆی ، دەكرێ هەموو ئەركەكانی ناو ببینێت لە ڕستەدا.

**ب. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نەناساندن:**[٤]

مۆرفیمی نەناسیاری هەڵگری چەمكێكی نادیاریو شاردنەوەی ناوە، كە بە نەناسراوی دەردەكەوێت و جیاناكرێتەوە لەناو پۆلە گشتییەكەیدا، دەچێتە سەر ناو و فرێزی ناوی، هاوكات ((تایبەتیەتی ئەم مۆرفیمە لە زمانی كوردی لەوە دایە، كە جگەلە نەناسراوی تاكییەتی پیشان دەدات)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٣) واتە كاتێك مۆرفیمی نەناسیاری بەكارهات، تاك و نەناسراوی هەڵدەگرێت، مۆرفیمی نەناسراوی بەگشتی (ێك)[٥] دیاریكراوە، هەروەها چەند ئەلۆمۆفێكی هەیە وەك ( –ەك، –یەك، –ییێك، –یَ) كە هەریەكەیان بەپێی یاسا

---

[٤]- سەرچاوەكانی پرۆگرامی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە، لێكدانەوەی بۆ بەشەئاخاوتنی (ناو) بە شێوەیەكە، ئەگەر (ناو)ەكە مۆرفیمی ناسیاری پێوە بێت، ئەوا ناوێكی ناسراوە، بەڵام ئەگەر مۆرفیمی ناسیاری پێوە نەبێت ، ئەوا نە ناسراوە، دەشێت مۆرفیمی نەناسیلری پێوە بێت یان هەرپێوەی نەبێت.

١-بەردەكە شكا.

٢-بەرد لەجێی خۆی بەسەنگە.

هەروەها ئەگەر ناوەكە كۆ بكرێتەوە، لە شیكردنەوەدا بە ناوێكی كۆی نە ناسراو شیكراوەتەوە.

- كوڕان ، شاران، بەردان، مندالآن. بۆ زانیری زیاتر (زمان و ئەدەبی كوردی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی: ٢٠٠٨: ٦٤ -٧٩ )

[٥]بۆ زانیاری زیاتر (ئەبوبەكر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٤)

فۆنەتیکیەکان (تیاچوون، دروستبوون)ی دەنگ دروست بوون، سەرە ڕای کاریگەری شێوەزاری ناوچە جیاوازەکان و ئیکۆنۆمیکردن لە دەربڕیندا.

ناوە گشتییەکە، ئەگەر بە دەنگێکی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ڕاستەوخۆ مۆرفیمی (ـێك) وەردەگرێت.

- پیاوێك بەخێرایی بەرەو گوندەکە هات.

بەڵام هەندێکجار بۆ ئیکۆنۆمیکردن (ـێك ) دەگۆڕن بە (ـێ) بەتایبەت لە شێوەزاری سلێمانی دەبینرێت.

- پیاوێ بەخێرایی بەرەو گوندەکە هات. ـتۆ منالێ بنێرە.

هاوکات دەگوترێت:

- پیاوەکەبە خێرایی بەرەو گوندەکە هات.ـ نانەك بخۆ.

هەروەها ئەگەر ناوەگشتییەکە بە دەنگێکی بزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفیمەکانی (ـیەك، ـیێك) وەردەگرێت، دەنگی (ی، هەندێك جار (و)) وەك دەنگێکی نەبزوێن بۆ جیاکردنەوەی دەنگی بزوێنی کۆتایی ناوەکەو دەنگە بزوێنەکەی مۆرفیمی نەناسیارییەکەیە.

- چایەك دەخۆمەوە.ـ چایێك دەخۆمەوە.
- خانووێك[٦] بەکرێ بگرە. ـ خانووەك بە کرێ بگرە.

دەشێت مۆرفیمی نەناساندن، وەك مۆرفیمی ناساندن بچێتە سەر ئاوەڵناو کاتێك دەبێتە دەرخەری ناو بەیارمەتی (ـی) خستنەسەر، ناوەکە لابرا بێت.

١- خوێندکارێکی زیرەك خەلاَتکرا.

٢- زیرەکێك خەلاَتکرا.

لە ڕستەی یەکەمدا (کوڕێك) ناوێکی تاکی نەناسراوە، بە ئاوەڵناوی (زیرەك) دەرخراوە، لە ڕستەی دووەمدا ناوی (خوێندکار) لابراوە، بەڵام زانیاری پێشینەی لەسەر ناوەگشتییەکە هەیە، بۆیە کاتێك دەگوترێت (زیرەکێك) واتە سیفەتی تاکیو نەناسراوی هی ناوەگشتییە لابراوەکەیە، کەوتۆتە سەر ئاوەڵناوەکە، بەڵام ئەم مۆرفیمە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ مۆرفیمی (ـان) کۆ، نایەت، واتە ئەگەر ناوێك مۆرفیمی نەناسراوی پێوەبوو، ئەوا مۆرفیمی کۆ وەرناگرێت.

- کوڕێك + ـان = *کوڕێکان
- پیاوێك + ـان = *پیاوێکان

**ج. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی تاك:**

لەزمانی کوردیدا مۆرفیمێکی بەندی تایبەت نییە، کە بەتەنیا هەڵگری واتای تاکایەتی بێت، بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمی نەناسیاریدا، کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە، دەردەکەوێت، ((ناوی تاك ئەو ناوەیە کە تەنها کەسێك یان شتێك دەگرێتەوە)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٤٠)

---

[٦]- خانوویێك(خانوو+و(نەبزوێن)+ ێك ) ناگونجێت سێ (ووو) بەدوای یەکدا بنوسرێن، بۆیە یەکێك لە(وو) خانووەکە لادەبرێت، سەرەڕای ئەم تێڕوانینە، بیروڕای جیاواز دەبینرێت ، کە دوو(وو) بە فۆنێم دانانێت لە زمانی کوردیدا، ئەگەر ئەم ڕایە پەسند بکەین لە یاسای سێ(ووو) دەربازمان دەبێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٥: ٧-١٨)

١- پێنوسێك بكرە.

٢- خانووێکی دروست کرد.

زۆرجار ناوێکی کۆ دەبێتە دیارخەر بۆ ناوێکی تاك، لەم کاتەدا ناوەکە لە ڕووی فۆرمەوە تاکە، بەلاَم لە ڕووی واتاییەوە کۆ دەگەیەنێت و ناوە دەرخراوەکەش لە تاکەوە دەکاتە کۆ[٧](هەمان سەرچاوەی پێشوو).

١- منداڵی گەڕەکەکان یاری دەکەن.

٢- مامۆستا لە ڤیستیڤاڵەکە کۆبوونەوە.

لە ڕستەی یەکەمدا، (منداڵ) تاکە، بەلاَم بەهۆی (گەڕەکەکان) کە کۆکراوەتەوە، زیاتر لە یەك منداڵ دەگرێتەوە، لە ڕستەی دووەمدا (مامۆستا، ڤیستیڤاڵ) تاکن، بەلاَم بە هۆی جێناوی (-ن) ی کەسی سێیەمی کۆ، واتای کۆ دەگەیەنێت، واتا لە یەك زیاترە.

**د. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ:**

یەکێك لەو بارەڕێزمانییەی تایبەتە بەناو، کۆکردنەوەیە، کە لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت، کۆکردنەوە واتە بەناوێك دەگوترێت، کە لە یەك زیاتر بێت لە هەمان ڕەگەزو پۆلەکەی خۆیدا (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٤٣). مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی کۆ بریتین لە (-ان، -یان، -وات، -ات، -گەل، -هات، -ەها، -جات) ئەم مۆرفیمانە هەریەکەیان لە شوێنی تایبەتی و لەگەڵ تایبەتمەندی ناوەکان بەکاردێنو کۆیان دەکاتەوە، هەریەکەیان تواناو چالاکیو ڕۆڵگێڕانیان لە کۆکردنەوەی ناوەکان جیاوازە.[٨]

ناوەکانی زمانی کوردیدا زۆرینەیان بە مۆرفیمی (-ان/-یان/-وان) کۆدەکرێنەوە. مۆرفیمی (-ان) بەکاردێت لەگەڵ ئەو ناوانەی بەدەنگی نەبزوێن کۆتاییاندێت، ڕاستەوخۆ بە ناوەکە دەلکێت.

- کوڕ + -ان = کوڕان ، بەرد + -ان = بەردان
- کچ +-ان = کچان ، شار + -ان = شاران

مۆرفیمی (-ان) دەچێتە سەر ناوێك، کە دەنگی کۆتایی (-ە) بێت، بەلاَم (-ە) لادەچێت، پاشان (-ان) وەردەگرێت.

- پەنجەرە + -ان = پەنجەران[٩]
- پانکە +-ان = پانکان

مۆرفیمی (-یان) وەردەگرێت، ئەگەر ناوەکە کۆتایی بەدەنگی بزوێنی (ا، ۆ، ێ، ی) هاتبوو، بەم شێوەیە:

[٧] - دەشێت بە هۆی ئاوەڵناوێکی ژمارەیی دیاریبکرێت، ئاوەڵناوی(یەك) بخرێتە پێش ناوەکە.

١- شوانەکە یەك مەڕی فرۆشت.

٢- بەڕێوبەرەکە (یەکەم/ یەکەمین/ یەکهەمین ) خوێندکاری لە ڕیزەکە دەرهێنا.

لەم ڕستانەدا مۆرفیمێکی سەربەخۆ ڕۆڵی تاکایەتی گێڕاوە، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناونیشانی توێژینەوەکەوە نییە.

[٨] - بڕوانە (فاروق عمر صدیق، شیروان حسین حمد: ٢٠١٥: ٤٢)

[٩] -ئەم دەربڕاوە لە شێوەزاری جیاواز لە کرمانجی ناوەڕاست دەبینرێت، لە شێوەزاری بیتوێن و پشدەرو .خۆشناوەتی و موکریان ... . بەم شێوەیە بەکارد یێت، بەلاَم لە شێوەزاری سلێمانیدا، بەکارناهێنرێت.بۆ زانیاری زیاتر بروانە ( ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٣٨)

- ماموٚستا ، چرا
- چەقوٚ ، بروٚ } + ی(نەبزوێن) + ان { ماموٚستایان ، چرایان
- دێ ، هەرمێ چەقوٚیان ، بروٚیان
- کانی ، خانی دێیان ، هەرمێیان
کانییان، خانییان

هەروەها ئەگەر ناوەکە کۆتای بە دەنگی بزوێنی (/ وو /، / و/ )[10] هات، ئەوا بەم شێوەیە بەکاردێت:

- پەموو
- مازوو } + و(نە بزوێن) + ان { پەمووان
- بەروو مازووان
بەرووان

هەروەها مۆرفیمی کۆو ناسراو پێکەوە لەگەڵ ناو بەکاردەهێنرێن، هەمیشە مۆرفیمی کۆ دەچێتە دوای مۆرفیمی ناسراو، بەم شێوەیە دەردەکەوێت ( —ەکە+ —ان = —ەکان) بزوێنی (ە) دوای (—ەکە) لادەچێت. بەم شێوەیە بەکاردێت:

- هەنار + —ەکان = هەنارەکان
- شاخ + —ەکان = شاخەکان
- موو +—ەکان = مووەکان
- چرۆ + —ەکان = چرۆکان / چرۆیەکان
- دێ + —ەکان = دێکان / دێیەکان[11]

هەروەها مۆرفیمی (—ەها) دەبێتە ئەلۆمۆرف بۆ (—ان) لەگەڵ هەندێك ناوو ئاوەڵناو بەکاردێت، دەشێت هەردوو شێوەکەی گۆبکرێت :

-ساڵەها = سالآن
- سەدەها = سەدان
- دەیەها = دەیان
- جارەها = جاران

هاوکات هەریەکە لە (—ات، —هات، —وات، —جات)[12] دەچنە سەر ناو دەبنە ئەلۆمۆرفی کۆکردنەوەو لە جیاتی (—ان) بەکاردێن:

---

[10]- لە زمانی کوردیدا، زمانەوانانکۆکنین لەسەر بەکارهێنانی (وو، و) هەندێکیان (وو) لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم دادەنێن و بە پێویستی نازانن (وو) بنوسرێت، بەلآم تائێستا بەتەواوی ئەم ڕایە جێگیر نەبووە، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (بکر عومەر عەلی: ٢٠٠٥: ٧-١٨).

[11]-بگەڕێوە بۆ ئەو گۆڕانکاریە دەنگیانەی لە نێوان ناو و (-ەکە) ڕوودەدات، لە پێشووتر باسکراوە، لە بابەتی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندن.

[12]-هەموویان شێوەیان لەیەکەوە نزیککە، هەروەها بەکاریگەری زمانی فارسی (-هات، -جات) هاتبنە ناو زمانی کوردی و دوای گۆڕانی فۆنەتیکی بەسەردا هاتبێت و شێوەی (-ات، -وات) یان وەرگرتبێت، بۆ زانیار زیاتر بڕوانە (ئەوڕحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٣) و (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٧) و ( فاروق عمر صديق و.....:٢٠١٥: ٥١-٥٥)

- مالات
- چەرەزات
- دێهات
- میوەجات
- ئاغاوات
- سەوزەوات

لێرەدا ئەگەر وردبینەوە، دەبینین ، ئەم ناوانە بە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانیانەوە، دەکرێت جارێکیتر مۆرفیمی کۆو ناسراویان بخرێتە سەر (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٧):

- مالاتەکان
- چەرەزاتەکان
- دێهاتەکان
- میوەجاتەکان
- ئاغاواتەکان
- سەوزەواتەکان

کەواتە بەتەنیا بەیەك یاسا و بەیەك مۆرفیم کۆکردنەوە جێبەجێ ناکرێت لە زمانی کوردیدا، بەڵکو پێویستی بە چەندیاسایەکە، کە قسەپێکەرانی زمان بەکاریدەهێنن.

**هـ. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ڕەگەزی:**

ڕەگەز زمانی کوردیدا لەشێوەزاری قسەکردن لەهەندێ ناوچەی کرمانجی ناوەڕاست، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێرو مێی هەندێك ناو بەکاردێن، بەڵام بەگشتی بەرەو لەناوچوون دەچێت، بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی‌و هەندێ شوێنی تردا، لە مێژە ڕەگەزەکانی ناو دەوریان نەماوە، هەرچەندە لە ناوچەی بیتوێن‌و پشدەرو بەشێکی موکریان‌و .... بەتایبەت لە کاتی دانەپاڵ‌و بانگکردن‌و دۆخدا (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٦٧). ناو لە زمانی کوردیدا چوار جۆری هەیە (نێر، مێ، دوولایەن، بێلایەن) بەڵام تەنیا نێرو مێی جیادەکرێتەوە، مۆرفیمی تایبەتی هەیە، ناوی بێلایەن‌و دوولایەن هیچ مۆرفیمێکی نییە، تاکو جیا بکرێتەوە.بەپێی بەکارهێنانەکان لە ئەم چەند شێوەیە دەردەکەوێت:

١- لە دۆخی تیاندا:

لە شێوازی قسەکردنی ناوچەی موکریان‌و بیتوێن‌و پشدەرو سۆراندا ، مۆرفیمی (-ی) بۆ ڕەگەزی نێرو (-ێ ) بۆ ڕەگەزی مێ، بەکاردەهێنرێت (کوردستان موکریانی: ١٩٨٤: ٧٩ -٨٢).

١- ئازادی بەردەك هاویشتە ماری.[١٣]

٢- نەسرینێ نان دەکرد لە هەیوانێ.

٣- مریشکێ بەخێوکە، کەڵەبابی سەربڕە.

٤- بەوێ بلێ، بەردی ناو ئاوێ دەرێنێ.

[١٣]-ئەم شێوازە قسەکردنە لە بیتوێن‌و پشدەر بەکاردێت.

ئەم شێوازە دەربڕینە لە قسەکردنی ڕۆژانە دەردەکەوێت(کوردستان موکریانی: ١٩٨٤: ١٣٨، ١٧٥-١٧٨).

٢- لە دۆخی بانگکردندا:

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بانگکردن لەبەکارهێناندا، مۆرفیمی (-ە) بۆ ڕەگەزی نێرو مۆرفیمی (-ێ) بۆ ڕەگەزی مێ،لەم دۆخەدا، لەڕێگەی بانگکردنەوە، ڕەگەزی نێرو مێ لەیەکتر جیادەکاتەوە، هەرچەندە بەپێی ناوچە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردادێت:

- کاکە، مامە، خاڵە، باپیرە-کاکە، فەرموو وەرە بۆ ئێرە.
- پورێ، نەنێ، خوشکێ، کچێ- پورێ، ئاگات لە منداڵەکەت بێت.

٣- لە دۆخی دانەپاڵدا:

مۆرفیمی بەندی دانەپاڵ (خستنەسەر) بەپێ ڕەگەز شێوازی تایبەت وەردەگرێت، هەرچەندە ئەمەش لە شێوەزاری ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەلأم بەگشتی بەهەمان شێوەی (دۆخی تیان)دا بەکاردەهێنرێت، مۆرفیمی (-ی) بۆ ڕەگەزی نێرو مۆرفیمی (-ێ) بۆ رشەگەزی مێ، ناوە دیارخراوەکە دەلکێنێت، بە دیارخەرەکە (کوردستان موکریانی: ١٩٨٤: ٨٩ -٩٦).

١- کوڕی خاڵم هات.

٢- کەڵە شێری سپی دەقوقێنێ.

٣- بەردی بەڕۆژان بەرنە نساران.

٤- کچێ خاڵم، پورێ تۆ بوو.

٥- مریشکێ هێلکەکەر سەرمەبرە.

شێوازی دانە پاڵ لە نێوان ناو و جێناو ئاوەڵناودا دروست دەبێت، بەلأم جارێکی تر لە ناو ڕستەدا وابەستەی یەکتر دەبنەوە، بەلأم کرمانجی ژوورودا شێوەی تایبەت وەردەگرێت، مۆرفیمی (-ێ) بۆ ڕەگەزی نێرو مۆرفیمی (-ا) بۆ رگەزی مێو مۆرفیمی (-ێد، -ێن، -ێت) بۆ نێرو مێی کۆ.

**دووەم / ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیانەی دەچنە سەر کار**

**أ. گونجاندن:**

کار یەکێکە لە بەشە ئاخاوتنەکان، کەلەزمانی کوردیدا ڕۆڵێکی زۆر تایبەت دەگێڕێت، لە کۆکردنەوەی کاتو جۆری ڕستەو هاتنو نەهاتنی بکەرو بەرکارو ڕێکەوتنیان لەگەڵ جێناوە کەسییە سەربەخۆو لکاوەکان، شوێنی جێگیربوونی جێناوە لکاوەکانو لە ڕستە جیاوازەکاندا، بۆیە کار لە زمانی کوردیدا ئەرکی زۆری دەکەوێتە سەرشان بە بەراورد بە کار(verb) لە زمانی ئینگلیزیدا، جێناوەکانیش لە زمانی کوردیدا بەسەر بەپێی یاساکانی ڕێککەوتن بەپێی ئەرك و کەسو ژمارە دەردەکەون(محەمەد مەعروفو سەباح رەشید: ٢٠٠٦: ٤٩).

١. ئەوانتـــــوێـــــان بـــــۆ مـــــــــــــــن دانابوو.

بکەر بەرکار دەگەڕێتەوە بۆ بکەر تەواوکەری بەیاریدە

٢. بۆ مـــــــــــــــیـــــــــــان دانابوویـــــــــــــت.

ت. بەیاریدە بکەر بەرکار

٣-ئـــــێمــــە نوسراوەکە لە ئــــێــــــوە وەردەگریــــنـــــــەوە.

بکەر ت.بەیاریدە دەگەڕێتەوە بۆ بکەر

٤ -لــێـتـــــــــــــان وەردەگرینـــــــەوە.

ت.بەیاریدە بکەر

لێـرەدا جێنــاوە کەسـییە لکاوەکــان بــەپێی ئــەرك و کــەس و ژمــارەو جــۆری کــار لــەبری (نــاوو جێنــاوی سەربەخۆ)بەکاردەهێنرێن، بەپێی ڕێککەوتن شوێنیان پڕدەکەنەوە. لە ڕستەی (١، ٢) دا دەبینین ، کە ڕستەی دووەم پاسادانی ڕێککەوتنی ڕستەی یەکەم دەکات. بۆنموونە :

- ئەوان: جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکـەرە، جێنـاوی لکـاوی (-یـان) بـۆ کەسـی سێیەمی کۆ ،بکەرە شوێنی گرتۆتەوە.
- تۆ: جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاك، بەرکارە، جێناوی لکاوی (-یت) بۆ کەسی دووەمی تاك شوێنی گرتۆتەوە، کە بەرکارە.
- من: جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی تاك، تەواو کەری بەیاریدەیە، جێنـاوی لکـاوی (-م) بـۆ کەسی یەکەمی تاك ، تەواوکەری بەیاریدەیە.
- هەروەها ئەگەر تێبینی بکرێت، لە ناو ڕستەی یەکەمدا، جێناوی لکـاوی (-یـان) ڕێککـەوتنی هەیـە، لەگـەڵ بکەری ڕستەکە.

لێـرەدا دەگەینــە ئــەو ڕاسـتییەی، کــە لــە زمــانی کوردیــدا ڕادەی ڕێککــەوتن دەبینرێــت، کــە بــاری ڕێزمــانی کەرەستەکانی پێدیاری دەکرێت.[١٤]

**ب. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بکەر نادیاری:**

بەگشتی ڕستە لە زمانی کوردیدا، ڕستەی بکەر دیارن، دەشێت ڕستە بکەر دیارەکان بکەینە بکەر نادیار، بەهۆی یاسای تایبەتەوە، ئەم یاسـایانەش دەگۆڕێن بـەپێی جـۆرو کـاتی ڕودانـی کارەکـە، مـەرجی سـەرەکی بکـەرنادیاری پێویستە:

١- کارەکە (تێپەڕ) بێت، واتە بەرکار وەربگرێت،یان بکرێتە تێپەڕ.
٢- بکەری ڕستەکە لادەبرێت، ئەو بەشانەی لە ڕێککەوتندان لەگەڵ بکەر.
٣- ئەگەر کارەکە ڕابردووبوو، مۆرفیمی (-ڕا)، ئەگەر ڕانەبردووبوو مـۆرفیمی (-ڕێـت/ -ڕێ) زیـاد دەکرێـت،[١٥] مۆرفیمی (-ا)بۆکاتی ڕابردوو، مۆرفیمی (-ێ) بۆ کاتی ڕانەبردوو بەکاردەهێنرێت(وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٧١ -٢٧٥).

١- جوتیار زەویەکەی کێڵا. (ڕابردووی بکەر دیار) - زەویەکە کێڵرا. (ڕابردووی بکەر نادیار)

---

[١٤]-بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٩١-١٠٣)، (کوردستان موکریانی: ١٩٨٤: ٢١٧ -٢٢٠)

[١٥]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ١٩٦)،(ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨١)، (عەبدولا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٥: ١٦٩)، (زمانو ئەدەبی کوردی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی: ٢٠١٢: ٧٥-٧٨)

٢- من چایەکەم خواردەوە. (ڕابردووی بکەر دیار) -چایەکە خوراوە. (ڕابردووی بکەر نادیار)
٣- ئاوەکەت بۆ دەهێنێت. (ڕانەبردووی بکەردیار)-ئاوەکەت بۆ دەهێنرێت. (ڕانەبردووی بکەرنادیار)
٤- ئازاد دارەکان دەفرۆشێت. (ڕانەبردووی بکەردیار)-دارەکان دەفرۆشرێن. (ڕانەبردووی بکەرنادیار)

کەواتە بەهۆی فۆرفیمەکانی (-ڕا، -ڕێت/-ڕێ) دیارو نادیاری بکەریو ڕابردوویو ڕانەبردووی کاری ڕستەکە ڕووندەکاتەوە.

**ج. مۆرفیمی بەندی ڕیزمانی کات:**

هەموو کارێك، لە ناواخنیدا، هەڵگری کاتێکی دیاریکراوە، هەریەکەیان مۆرفیمێکی ڕێزمانی جیاوازی لەگەڵ دێت، کە کاتی ڕستەکەیە(کەوسەر عەزیز:١٩٩٠: ٩٦).

١- کاتی ڕابردوو:

هەمووکارێکی ڕابردوو، کاتێك لەناوی ڕووداو (چاووگ)ەوە (-ن) چاووگی لێدەکرێتەوە، دەبێتە قەد، قەدیش بریتییە لە کاری ڕابردوو، ئەگەر وردبینەوە دەبینین چاووگەکانی زمانی کوردیبریتین لە (-دن، -تن، -وون، -ین، -ان) بۆیە کاتێك (ن) چاووگ لادەبرێت، (د، ت، وو، ی، ا)ئەم مۆرفیمانەش کاتی ڕابردوو دەگەیەنن(محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٥٦). بەڵام مەرج نییە، ئەم مۆرفیمانەی نیشانەی ڕابردوو هەمیشە بکەونە کۆتایی، چونکە هەندێجار جێناوی لکاو پاشگری دووبارەبوونەوە و یان کاتی ڕوودانی ڕابردوویی لە ڕووی ( نزیکی ، تەواو، بەردەوامی، دووری)ەوە، کە هەریەکەیان مۆرفیمی تایبەتیان هەیە، بەم شێوەیە:

| چاووگ | قەد (کاری ڕابردوو) | | ڕستە |
|---|---|---|---|
| کردن | کرد | دوێنێ | - ئاری کارەکەی خۆی کرد. |
| گرتن | گرت | | - پشیلەکە مشکەکەی گرت. |
| ڕاکێشان | ڕاکێشا | | - منداڵەکە پەتەکەی ڕاکێشا. |
| چوون | چوو | | - خوێندکارەکان چوون بۆ پۆل. |
| سڕین | سڕی | | - ئازاد تەختەڕەشەکەی سڕی. |

لێرەدا دەشێتکارەکە تێپەڕ، یا تێنەپەڕ بێتو هاوەڵکاری کاتی (دوێنێ) بێت، یا ن نەیەت هیچ لە واتای ڕابردوویێتی ناگۆڕێت تەنها کاتی ڕوودان دیاری دەکات.[١٦]کاری ڕابردوو دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆر ڕێژەدا، هەریەکەیان مۆرفیمی تایبەتییان هەیە:

- یاسای کاری ڕبردوو ((قەد +ووە،بوو، با، بێت، بووبا)، (دە + قەد تەنها بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن))

[١٦]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە( شێرکۆحمەئەمین قادر: ٢٠٠٢: ٧٦ -٨١) ، (عەبدلواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ١٠٤)

| کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن (هەواڵی) | | | کاری ڕابردووی دانانی[17] | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆر | مـۆرفیمی کات | ڕستە | جۆر | مـۆرفیمی کات | ڕستە |
| نزیك | سفر | ژنەکە نانی کرد. | نزیك | با | خۆزگە ژنەکە نانی کردبا. |
| تەواو | ووە | ژنەکە نانی کردووە. | تەواو | بێت | خۆزگە ژنەکە نانی کردبێت. |
| بەردەوام | دە | ژنەکە نانی دەکرد. | دوور | بووبا | خۆزگە ژنەکە نانی کردبووبا. |
| دوور | بوو | ژنەکە نانی کردبوو. | | | |

مۆرفیمەکانی کات لەم ڕستانەی سەرەوە، هەڵگری واتای جۆری ڕابردوو دووریو نزیکی کاتی تێپـەڕبوونی ڕوودانـی کارەکەیە (زمانو ئەدەبی کوردی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی: ٢٠٠٨: ١٨ – ٢١).

٢- مۆرفیمی ڕانەبردوو:

ڕانەبردوو ڕاگەیاندن لەڕووی کاتەوە (ئێستا، داهاتوو)ی هەیە، مۆرفیمی (-ە) بۆ کـاتی ئێسـتا بـەکار دێـت ، لەگـەڵ ڕستەیەك کاری تەواوی تێدا دەرنەکەوتووە،[18] بەم شێوەیە:

- کچەکە زیرەکە.
- گوڵەکە جوانە.
- ئارام مامۆستایە.

مۆرفیمی (-ە) لە کۆتایی ڕستەکان، بە واتای ئێستا دێت. واتا لە ئێستادا ئەو سیفەتە دراوەتە پاڵ ئەو ناوە. هەرچەندە لای هەندێ زمانەوان بە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، ناوبراوە .

هەروەها کاتی داهاتوو بەهۆی مۆرفیمی (دە -) [19]دیاریدەکرێت، بە پێی ئەم یاسایە: (دە-+ ڕەگی کار)

- نانەکە دەخۆم.
- کۆترەکان هەڵدەفڕێنم.

هەندێکجار لە ڕێگەی ئاوەڵکارەکانەوە، کاتی ئیستا و داهاتووی بـە تـەواوی بـۆ دیاریـدەکرێت، بـەڵام ئەگـەر ئاوەڵکارەکان لە ڕسـتەدا نـەبن، هـیچ گرفتێـك بـۆ ڕانـەبردوو درووسـت نابێـت، تـەنها کـاتی ڕوودانـی بـە ڕوونـی دەرناکەوێت ئایا ئێستایە، یان لە داهاتوودا کارەکە ڕوودەدات.

- ئێستادەچمە بازاڕ.
- لەداهاتوودادەچمە سەیران.
- ساڵێکیتردەچیینە زانکۆ.

هاوکات مۆرفیمی (ب -) کاری ڕانەبردووی دانانی بەپێی ئەم یاسایە کاردەکات: (ب -+ ڕەگی کار)

- دەبێت نانەکە بخۆم.
- خۆزگە دەربچێت.

---

[17]-کاری دانانی هەمیشە کارێکی یاریدەدەری پێویستە. کە خۆزگەو گومانی تێدابێت.

[18]-لە پرۆگرامی خوێندن بە کاری ناتەواو باس کراوە.

[19]- جیاوازی (دە -) لە کاری ڕابردە، ڕانەبردوو ئەوەیە، کە (دە -) لە کاری ڕابردوو دەچێتە سەر قەد، واتای ڕبردوو، لە ڕستەکە بەدی دەکرێت، لە کاری ڕانەبردوو دەچێتە سەر ڕەگی کار ، واتای ڕانەبردووی پیشان دەدات.

- لەوانەیە ببێتە ئەندازیار.

٣- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کاری داخوازی:

کاری داخوازی شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەلاّم لە ڕووی تێپەڕبوونی کاتەوە، کارەکە ئەنجام نەدراوە، داوای ئەنجامدانی کارێك دەکرێت، مۆرفیمی (ب -) وەك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دەردەکەوێت، بەپێی ئەم یاسایە دروستدەکرێت[٢٠]: (ب-+ ڕەگی کار + جێناوی لکاوی (-ە، -ن))

- بخوێنە، تاکو دەربچیت.
- ئەی مەلی خەیاڵم بفڕە ، لەم چڵ بۆ ئەو چڵ.
- بهێنە

**د. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نەرێکردن:**

هەموو ڕستەیەکی ئەرێ لە زمانی کوردیدا، ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی ، دەتوانرێت نەرێ بکرێت، واتە هەموو ڕستەیەکی ئەرێ، ڕستەیەکی نەرێ لەبەرامبەری وەستاوەتەوە، نەرێکردن بە واتای جێبەجێنەکردن و ئەنجام نەدانی کارەکەیە، ڕستە پۆزەتیڤەکان لە هۆی مۆرفیمەکانی نەرێکردنەوە بە نێگەتیڤ دەکرێن، بەم شێوەیە:

١- هەموو کارێکی ڕابردوو لە ڕێگەی مۆرفیمی (نە-)وە نەرێ دەکرێت:

| ڕستەی ئەرێ | ڕستەی نەرێ |
|---|---|
| - نەسرین مەڕەکانی دۆشی. | - نەسرین مەڕکانی نەدۆشی . |
| - ئازاد بەپێ گەیشتە جێ. | - ئازاد بە پێ نەگەیشتە جێ. |
| - خۆزگە ئازاد هاتبا. | - خۆزگە ئازاد نەهاتبا. |

هەروەها شێوازی دانانی بۆ ڕانەبردوو بە هۆی مۆرفیمی (نە-) نەرێ دەکرێت:

| | |
|---|---|
| - خۆزگە ئازاد لە وانەکانی دەربچێت. | - خۆزگە ئازاد لە وانەکانی دەرنەچێت. |
| - دەبێت بچم بۆ بازاڕ. | - دەبێت نەچم بۆ بازاڕ. |

٢- هەموو کارێکی تەواوی ڕنەبردووی ڕاگەیاندن بە هۆی مۆرفیمی (نا-) نەرێ دەکرێت:

| | |
|---|---|
| - ئازاد بەیەکەم دەردەچێت. | - ئازاد بەیەکەم دەرناچێت. |
| - خواردنەکە دەخۆم. | - خواردنەکە ناخۆم. |

هەروەها کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا، بەهۆی مۆرفیمی (نی)ە نەرێدەکرێت:

| | |
|---|---|
| - نازەنین کچێکی زیرەکە. | - نازەنین کچێکی زیرەك نییە. |
| - گوڵەکە جوانە. | - گوڵکە جوان نییە. |
| - ئارام مامۆستایە | -ئارام مامۆستا نییە(زمانو ئەدەبی کوردی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی: ٢٠٠٨: ٢٣). |

٣- کاری داخوازی بەگشتی بەهۆی مۆرفیمی (مە) نەرێ دەکرێت:

| | |
|---|---|
| - خانووەکە بفرۆشە. | - خانووەکە مەفرۆشە. |
| - منداڵەکان یاری بکەن. | - منداڵەکان یاری مەکەن.[٢١] |

[٢٠]- کاری داخوازی بەشێوەی تایبەت بەکاردێت، کە داخوازی دروست دەبێت لەم یاسایە دەردەچێت، ( وەرە،..) لێرەدا بەلای ئەم کارانەی کە شازنو لە یاسا دەرچودانارۆین.

دەشێت هەندێك لەو مۆرفیمانەی بۆ نەرێ کردن بەکاردەهێنرێن، هەندێکجار هەڵگری کاتی ڕستەکەن، چونکە شوێنی مۆرفیمی کاتیش دەگرنەوە، بەتایبەت لە ڕانەبردوو و داخوازیدا.

**سێیەم/ ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیانەی دەچنە سەر ئاوەڵناو[22]:**

ئاوەڵناو لە زمانی کوردید بەو (وشانەی واتای پەسنکردن لە خۆدەگرن زانیاریان لە بارەی بارستایی، قەبارە، ڕەنگ، شێوە، ڕواڵەتەوە دەدەن، بەشەپۆلێکی تایبەتی ناون بە ئاوەڵناو ناسراون، واتا ئاوەڵناوەکان بەشەپۆلێکی ناوەوە نوساون و واتای وەسف و مۆرفیمەکانی (—تر ، —ترین) وەردەگرن) (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٨).

ئاوەڵناو زۆرجار لە ڕواڵەتدا وەکو ناو دەردەکەوێت، جێگای ناوێکی دەرخراو دەگرێتەوە، کە وەسفی دەکات، هەندێجار مۆرفیمەکانی تاکو کۆو ناسراوی وەردەگرێت، کە هی ناوە دیارخراوە لابراوەکەیە، کەواتە لە ڕاستیدا ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەر ئاوەڵناو هی ناوەکەن(یوسف شەریف: ٢٠١٣: ٤٦).

هەروەها سیمایەکی جیاکەرەوەی ئاوەڵناو بریتییە لەوەرگرتنی مۆرفیمی(—تر، —ترین) کە مۆرفیمی(—تر) بەراوردی لە نێوان دوو سیفەتی دووشت، یان ناودا دەکات، مۆرفیمی (—ترین) ناوێك لە ناو کۆمەڵێك ناو جیا دەکاتەوە،[23](ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٨، ٣٩). هاوکات لە زمانی کوردیدا، ئەگەر یەکێك لە مۆرفیمەکانی (—تر، —ترین) بەکارهات ئەویتر بەکار نایەت، واتە هەردووکیان بەیەکەوە ناچنە سەر یەك ئاوەڵناو (محەمەد مەعروف و سەباح...: ٢٠٠٦: ٥١، ٥٥).

**أ. پلەی بەراورد:**

- ئەم گوڵە جوانترە لەم گوڵە.
- باخی ئێمە گەورەترە لە باخی ئێوە.

هەروەها لەگەڵ فرێزی ناوی بەکار بهێنرێت، ئاوەڵناوەکە دەبێتە دەرخەر(ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٩).

- منداڵی گەورەتر بهێنە.
- بەردی بچوکتر هەڵگرە.

**ب. پلەی باڵا:**

- جوانترین گوڵ هەڵبژێرن.
- زیرکترینان خەڵات دەکرێن.

هەندێکجار شێوازی پلەی باڵا بەم شێوەیە دروست دەبێت، واتای (ترین ) هەڵدەگرێت، واتە جیاکردنەوەی ناوێك لە ناو هەموو ناوەکانی تر، بەڵام بەهۆی وشەی ترەوە ئەمە دروست دەبێت، لە ڕستەی یەکەمی لای خوارەوە، بەهۆی ( لە هەمووان........—تر) پلەی باڵا دروست بووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا بەهۆی (هەرە) پلەی باڵای دروستکردوە.

١ کاروان لە هەموان خێراترە.

[21]-لە هەندێ شێوەزاری وەك ئاکۆیەتی دەگوترێت( منداڵکان یاری نەکەن.)

[22]- زاراوەی ئاوەڵناو = هاوەڵناو ، هەردووکی هەمان واتا دەگەیەنێتو هیچ جیاوازییەکیان نییە.

[23]-هەندێکجار پلەی باڵا ببەم شێوەیە(هەرە......... -تر) یان (لەهەمووان........ -تر) بەکاردێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(کەوسەر عەزیز: ١٩٩٠: ١٤١)و(یوسف شەریف: ٢٠١٣: ٤٦،٤٧) و (عەبدلواحد موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٧٣-٧٦)

٢   خوێندکاره هەره زیرەکەکە خەڵات کرا.

هەروەها دەشێت ناو ببێتە هاوەڵناو و مۆرفیمی (–تر، –ترین) وەرگرێت، کە لە ڕووی واتاییەوە وەکو ئاوەڵناوەکە ڕۆڵ دەگێڕێت (محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٣٢٢):

١– قسەی فەرمانبەرەکە لە هی بەڕێوەبەرەکە پیاوانەتر بوو.

٢– پاڵەوانترین کوڕی مەیدان هات.

**بەشی سێیەم/ مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکان لە زمانی ئینگلیزیدا:**

مۆرفیمە ڕێزمانیەکان لەزمانی ئینگلیزیداهەشت دانەن، کەبەشێوەیەکی یاسای بەکار دێن و هەموویان پاشگرن، جۆرەکانی مۆرفیم جیاوازن بەپێی ئەوەی، کە لەگەڵ ناو و کردار یان ئاوەڵناوەکان بەکاردێن (Yule, ٢٠١٠: ٦٩). مۆرفیمە ڕێزمانیەکان لە زمانی ئینگلیزیدا دەچنەسەر(stem)[٢٤] قەدی‌وشەکان. لەم توێژینەوەیەدا،بەشێوەیەکی گشتی باس لە مۆرفیمە ڕێزمانیانە دەکرێت، کە بەشێوەیەکی یاسای بەکاردێن، لەگەڵ ئەوەشدا چەندان مۆرفیمی تری ڕێزمانی هەن لەزمانی ئینگلیزی دا، بەڵام شازن و ناکەونە ژێرباری هیچ یاسایەکەوە:

١– **مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی ناو:** لەزمانی ئینگلیزیدا، ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانەی، کە لەگەڵ ناو بەکاردێن دوو جۆرن:

**أ. مۆرفیمی کۆ (-s) plural:**

ناوە ژمێردراوەکان دوو شێوەیان هەیە ئەویش بەشێوەی تاك یان کۆ. ناوی تاکی ژمێردراو لەزمانی ئینگلیزیدا دەتوانرێ کۆ بکرێنەوە بەشێوەیەکی یاسای بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمان (-s) کۆوە. لەڕستەدا،کۆکردنەوەی ناوەکان لەڕووی ڕێزمانیەوە مەرج دارە، دەبێت گونجاندن هەبێت لە نێوان ناوەکەو ژمارەکەی. بۆ نموونە، لە ڕستەی (١) دا، ئامرازی نەناسین (a)[٢٥] بەکار هاتووە لەگەڵ ناوی تاکی ژمێردراودا cat، هەروەها (is) بەکارهاتووەبۆ یەك پشیلە. لەڕستەی (٢) دا، ژمارە (two)، (are) و (cats) بەکارهاتوون بۆ زیاتر لەیەك پشیلە. لە نموونەی (٣) و (٤) دا دەبێ گونجاند هەبێت لە نێوان مۆرفیمی دەستنیشانکردن و ناوەکەدا.

١. There is acat. (پشیلەیەك لەوێیە)
٢. There are two cats. (دوو پشیلە لەوێن)
٣. This boy. ئەم کوڕە        *This boys. ئەم کوڕان*
٤. These boys. ئەم کوڕانە     * These boy. ئەمانە کوڕ *

مۆرفیمی ڕێزمانی کۆ، لەزمانی ئینگلیزیدا، باوترین جۆری مۆرفیمی ڕێزمانیە. ئەم مۆرفیمە دەست نیشان دەکرێ بە (-s) کەوەکو پاشگر دەچێتە سەر ناوی تاکی ژمێردراو و بەهۆی ئەم مۆرفیمە ناوەکە دەبیتە کۆ بۆ نموونە:

---

[٢٤]- Stem (قەد) ئەو بەشەی وشەیە کە دەمێنێتەوە دوای لادانی مۆرفیمە ڕێزمانیەکان، یان ئەو وشەیە کە دەتوانرێت مۆرفیمە ڕێزمانیەکانیان بۆ زیادبکرێت (Katamba and Stonham, ٢٠٠٦: ٤٦-٤٧ ). بۆنموونە: لە وشەی cats قەدەکە (cat) ە، بەڵام لە زمانی کوردی وشەی قەد بە لێکردنەوەی (ن) لە ناوی ڕووداو(چاووگ) دەگوترێت (قەد)، کەواتە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، بەڵام قەدی هەردووکیان سەرچاوەی دروستبوونی چەندین وشەی نوێن.

[٢٥]-لە زمانی ئینگلیزیدا ئامرازی نەناسین (a/ an) تەنها لەگەڵ ناوی تاکی ژمێردراودا بەکاردێن.

- Cat(پشیلە)+s =cats (پشیلە + (ەك)[٢٦]ان)

Katamba and Stonham, ٢٠٠٦: ٣٤) (Lieber, ٢٠١٢: ٨٨ &

مۆرفیمی کۆ (s-)، لەزمانی ئینگلیزیدا، سێ ئەلۆمۆرفی هەیە: /əz/، /z/، /s/، هەریەك لەم سێ ئەلۆمۆرفانە دیاری دەکرێن، بەپێی ئەو دەنگەی، کەلە پێشیان دێن، واتە یەکێك لەم پاشگرانە هەڵدەبژێرێت.

بۆ نموونە: (Stageberg and Oak, ٢٠٠٠: ١١٢-١١٣)

١–ئەگەر ناوەکە بەیەکێك لەم دەنگە کپە نەبزوێنانە Voiceless consonant sound کۆتای هاتبوو/s/،/tʃ/، /dʒ/، /z/، / ʃ / ،/ʒ/ و مۆرفیمی کۆ (s-) زیاد کرا بۆ ناوەکە، ئەوا مۆرفیمی (s-) بەدەنگی/əz/ دەخوێنرێتەوە.

٢– ناوەکە،ئەگەر بە دەنگێکی گڕی نەبزوێن Voiced consonant sound کۆتای هاتبوو، جگە لەدەنگی /z/،/dʒ/ ،/ʒ/ ئەوا مۆرفیمە کۆیەکە(s-) بەدەنگی/z/ دەخوێنرێتەوە دوای ئەوەی کە بۆ ناوەکە زیاد دەکریت.

٣– ناوەکە،ئەگەر کۆتای هاتبوو جگە لەم دەنگانەی حاڵەتی (١) و (٢) ئەوا مۆرفیمە کۆیەکە (s-) بەدەنگی/z/ دەخوێنرێتەوە کە بۆ ناوەکە زیاد دەکرێت.

هەروەها ئەگەر ناوەکە بەیەکێك لەم پیتانە کۆتای هاتبوو {ss، s،sh، x، (t)ch،z } ، ئەوا مۆرفیمی ڕێزمانیە کۆیەکە بەشێوەی (es-) زیاد دەکرێت وەك پاشگر بۆ ناوەکە بۆ کۆکردنەوەی:

- Box +es= boxes سندوق(ەکە)ان
- Watch+es= watches سەعات(ەکە)ان
- Bus+ es = buses پاس(ەکە)ان

هاوکات ئەگەر ناوەکە کۆتای بەپیتی (y-) هاتبوو،لە پێشەوە دەنگێکی نەبزوێن هاتبوو، ئەوا پیتی (y-) دەگۆڕێت بۆ (i) ئینجا مۆرفیمی ڕێزمانی کۆ بەشێوەی (es-) بۆ ناوەکە زیاد دەکرێت بۆ کۆکردنەوە.

- City+ es= cities شارە(ەکە)ان
- Fly+es= flies مێش(ەکە)ان (Al-Hamashet al, ٢٠٠٩: ٤٤)

سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ناوەکان لەزمانی ئینگلیزیدا بەشێوەیەکی یاسای بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمانی (s-) دەکرێن بەکۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندان ناو هەن، کە بەشێوەیەکی شاز کۆدەکرێنەوە. بۆ نموونە:

١– هەندیك ناو، شێوەی تاك و کۆی هەمان فۆرمی (شێوەی) هەیە، واتا بەهۆی مۆرفیمی (Ø-) دەکرێن بەکۆ. ئەم جۆرە ناوانەش تەنها لەناو ڕستەدا لەیەکتر جیادەکرێنەوە. بۆنموونە،لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا، لە ڕستەی (١) دا، ئامرازی نەناسین (a) بەکار هاتووە لەگەڵ ناوی تاکی ژمێردراودا، هەروەها (is) بەکارهاتووەبۆ یەك مەڕ. لە ڕستەی (٢) دا، ژمارە (two) و (are) بەکارهاتوون بۆ زیاتر لەیەك مەڕ.

---

[٢٦]-لە کاتی وەرگێڕانی ناوی کۆی ئینگلیزی بۆ کوردی گرفتێك دەبینرێت، کە ناوەکە لە ئینگلیزیدا کۆی نەناسراوە، بەڵام لە وەرگێڕاندا بۆ زمانی کوردی، کەمتر بە نەناسراوی و کۆیی بەکاردێت(پشیلان) زیاتر دەگوترێت(پشیلەکان) چونکە لە ڕاستیدا مۆرفیمی ئینگلیزی ناساندن بە وشەی پشیلەوە نییە، بۆ یە لە بەرامبەر وشەی(cats = پشیلان) دروستترە، بۆدەربازبوون لەم ڕا جیاوازییە هەردوو شێوەکە بەکارهاتووە لە ناو کەوانە نوسراوە.

١- There ***is*** ***a*** ***sheep*** in the field. مەڕێك لەناو کێڵگەکەیە

٢- There ***are*** ***two*** ***sheep*** in the field. دوومەڕ لەناو کێڵگەکەن

(Stageberg and Oaks, ٢٠٠٠: ٩٥, ١١٣)

٢- هەندیك ناو هەن لە زمانی ئینگلیزیدا کە هەمیشە کۆن و مۆرفیمی (-s) یان پێوەیە.

- Trousers پانتۆڵ
- Scissors مەقەس

٣- هەندیك ناو هەن لە زمانی ئینگلیزیدا بەشێوەی کۆ بەکار دەهێنرێن بەبێ خستنەسەری مۆرفیمی ڕێزمانی (-s کۆ بۆ ناوەکە، لە زمانی کوریدا، بە ناوی کۆمەڵ ناونراون:

- People خەڵك
- Police پۆلیس
- Team تیم (Lieber, ٢٠١٢: ٨٨-٨٩)

٤- هەندیك ناو لە زمانی ئینگلیزیدا کۆدەکرێنەوە بەهۆی زیادکردنی پاشگری (-en) بۆسەر ناوەکە:

- Child + en= children منداڵ(ەکە)ان
- Ox+ en= oxen گامێش(ەکە)ان

٥- هەندیك ناو لە زمانی ئینگلیزیدا کۆدەکرێنەوە بەهۆی گۆڕانی بزوێنی ناو ناوەکە بە بزوێنێکی تر:

- Man (پیاو)→ men [a → e]
- Woman (ژن)→ women [a → e]
- Mouse (مشك)→ mice [/au/ → /ai/]

ب. مۆرفیمی خاوەنداریەتی **possessive(-s)**:[٢٧]

مۆرفیمی ڕێزمانی خاوەنداریەتی، لەزمانی ئینگلیزیدا، بەپاشگری (-s)دەستنیشاندەکرێت (لەنوسیندا (-'s) یان ('s-) دەستنیشاندەکرێت بەپێی ئەو ناوەی دەچیتە سەری کۆیە یان تاك). ئەم مۆرفیمە بەکاردێت وەك پاشگر لەگەڵ ناوێك و ئەرکە ڕێزمانیەکەی بریتیە لە گێڕانەوەی شتێك بۆ ئەو ناوەی، کە ئەم مۆرفیمەی دەچێتە سەری. ئەگەر ئەو ناوەی، کە مۆرفیمی خاوەنداریەتی دەچێتە سەری تاك بێت، ئەوا ئەپۆستڕۆفیەکە(')لەپێش (-s) دەنوسرێت (-'s) وەك نموونە (١، ٣ و ٥). بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆ بوو، وەناوەکە بەشێوەیەکی یاسای کۆکرابۆوە، واتە بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمانی کۆ (-s) ئەوا تەنها ئەپۆستڕۆفیەکە (') لەدوای (-s) دەنوسرێت (-s')، وەکو نموونە(٢). ئەگەر ناوەکە بەشێوەیەکی شاز کۆکراوە، ئەوا مۆرفیمی خاوەنداریەتی (-'s) دەچێتەسەر و وەکو تاك مامەڵە لەگەڵ ناوەکە دەکرێت لەکاتی زیادکردنی مۆرفیمە خاوەنداریەکەدا، وەکو نموونەی (٤ و ٦).

[٢٧]-مۆرفیمی خاوەنداریەتی بە هەمان شێوەی مۆرفیمی کۆ(-s)سێ ئەلۆمۆرفی هەیە: /s/, /z/,/əz/

١. Dog (سەگ) →do's tail. کلکی (سەگ)
٢. Dos (سەگ(ەکە)ان)→dos' tail. کلکی سەگ(ەکە)ان
٣. Ox (گامێش) →ox's tail. کلکی گامێش
٤. Oxen (گامێش(ەکە)ان) →oxen's tail. کلکی گامێش(ەکە)ان
٥. Man (پیاو) →man's work. کاری پیاو
٦. Men (پیاوان) →men's work. کاری پیاوان

(Stageberg and Oaks, ٢٠٠٠: ٩٥ & Lieber, ٢٠١٢: ٩٩)

هەروەها ئەگەر ناوەکە کۆتای بە(s)هاتبوو، لەکاتی زیادکرنی مۆرفیمی خاوەنداریەتی (-s) دا، تەنها ئەپۆستریفی لەدوای(s) ی ناوەکە دادەنێین (مۆرفیمی خاوەنداریەتی (-s) نانوسرێت). بۆنموونە:

(Stageberg and Oaks, ٢٠٠٠: ٤٢٠) Athletics → athletics' -

**٣- مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کردار:**

ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانە کە دەچنە سەر کردار دەکرێن بە سێ جۆر:

**أ. مۆرفیمی ڕێزمانی کەسی سێەمی تاک Third person singular(-s)**[٢٨]:ئەم مۆرفیمە ڕێزمانیە دەستنیشان دەکرێت بە (-s) لەزمانی ئینگلیزیدا و دەچێتە سەر کردار، ئەگەر ڕستەکە ڕانەبردووی سادەبێ (present simple) و بکەری ڕستەکەش کەسی سێ یەمی تاک بێت :

✓ He(ئەو (بۆ کوڕ) / she(ئەو (بۆ کچ) / it (ئەو (بۆ بێ گیان و بێ عقل) + V. stem+ s/es
- The boy (he) walks. کوڕەکە (ئەو) پیاسە دەکات
- *The boy walk. *کوڕەکە پیاسە دەکەن
- The boys (they) walk. کوڕەکان (ئەوان) پیاسە دەکەن
- * The boys walk. *کوڕەکان پیاسە دەکات

ئەرکی ڕێزمانی مۆرفیمی ڕێزمانی کەسی سێەمی تاک (-s) گونجاندنی کردارە لەگەڵ بکەری ڕستەکە لەژمارەدا.
Lieber, ٢٠١٢: ٩٩- Haspelmath and Sims, ٢٠١٠: ٨٢ & (Haspelmath, ٢٠٠٢: ٦٥-٦١ & ١٠٠)

**ب. مۆرفیمی ڕێزمانی ڕابردووی سادە Past simple (-ed)** : ئەم مۆرفیمە ڕێزمانیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (-ed) دەست نشان دەکرێت و دەچێتە سەر کردار لە ڕستەکەداو دەیگۆڕێت بۆ ڕابردووی سادە. ئەرکی ڕێزمانی مۆرفیمی (-ed) بریتیە لەگۆڕینی کاتی ڕوودانی کردارەکە بۆ کرداری ڕابردوو. واتا کاتی ڕوودانی کردارەکە پێش کاتی قسەکردنەکە دەبێت لەکاتی زیادکردنی ئەم مۆرفیمەدا.

✓ Subject (بکەر) + V. stem+ed .....
- They play<u>ed</u> football yesterday. ئەوان یاری تۆپی پێیان کرد دوێنێ

[٢٨]-مۆرفیمی کەسی سێەمی تاک بە هەمان شێوەی مۆرفیمی کۆ و خاوەناریەتی(-s) سێ ئەلۆمۆرفی هەیە: /s/, /z/,/əz/

لەکاتی گوتنی ئەم ڕستەیەدا، یاری تۆپی پێ یەکە تەواو بووە (Lieber, ٢٠١٢: ٩٤).

- مۆرفیمی ڕێزمانی (-ed) کاتێك زیاد دەکرێت بۆ کردارێك:

١- ئەگەر کردارەکە لەیەك برگە پێك هاتبوو، وەکردارەکە بەیەك پیتی نەبزوێن کۆتای هاتبوو، و لەپێش ئەم پیتە نەبزوێنەدا تەنها یەك پیتی بزوێنهاتبوو[٢٩]،ئەوا لەکاتی زیادکردنی (-ed) بۆ کردارەکە پیتە نەبزوێنەکە دەبێت بە دوو دانە:

- Stop+ ed = stopped

٢- ئەگەر کردارەکە کۆتای بە(e)هاتبوو ئەوا لەکاتی زیادکردنی(-ed) بۆ کردارەکە (e) لادەچێت:

- Create+ ed = created

٣- ئەگەر کردارەکە کۆتای بە (y)هاتبوو و لەپێش یەوە تەنها یەك پیتی نەبزوێن هەبوو، ئەوا لەکاتی زیادرکردنی (-ed) بۆ کردارەکە (y) دەگۆڕێت بۆ (i) ئینجا (-ed) زیاد دەکرێت بۆ کردارەکە:

- Study + ed = studied.(Al-Hamash et al, ٢٠٠٩: ١٣, ٤٣-٤٤)

- مۆرفیمی (-ed) سێ ئەلۆمۆرفی هەیە: /t/،/d/ و/əd/

أ. مۆر فیمی (-ed) بە /əd/ دەخوێنرێتەوە، ئەگەر ئەو کردارەی کە مۆرفیمەکەی بۆ زیاد دەکرێت بەدەنگی /d/ یان /t/ کۆتای هاتبێ:

- Add + ed = added
- Want + ed = wanted

ب. مۆرفیمی (-ed) بە / t/ دەخوێنرێتەوە، ئەگەر ئەو کردارەی، کە مۆرفیمەکەی بۆ زیاد دەکرێتبە دەنگی نەبزوێنی کپ Voiceless consonant sound کۆتای هاتبوو جگە لەدەنگی /t/:

- Pick + ed = picked
- Wash + ed = washed

ج. مۆرفیمی (-ed) بە /d/ دەخوێنرێتەوە، ئەگەر ئەو کردارەی، کە مۆرفیمەکەی بۆ زیاد دەکرێت بەدەنگی نەبزوێنی گڕ Voiced consonant sound کۆتای هاتبوو جگە لەدەنگی /d/:

- Measure + ed = measured
- Judge + ed = judged

سەرەڕای ئەوەی، کە زۆربەی کردارەکان لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی یاسای بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمانی (-ed) دەکرێن بەڕابردوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەندان کردار هەن، کەشازن و ناکەونە ژێرباری هیچ یاسایێك. بۆ نموونە:

١- هەندیك کردار، شێوەی ڕانەبردوو و ڕابردووی هەمان فۆرم (شێوە) یان هەیە، واتا بەهۆی مۆرفیمی (-ø) دەکرێن بە ڕابردوو. ئەم جۆرە کردارانەش تەنها لەناو ڕستەدا لەیەکتر جیادەکرێنەوە. بۆنموونە،لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا، لە ڕستەی (١) دا (cut) ڕانەبردووە و (will) و (tomorrow) لەگەڵی بەکار هاتووە. لە ڕستەی(٢) دا، (cut) ڕابردووە و (yesterday) لەگەڵی بەکار هاتووە.لە ڕستەی دووەمدا کردارەکە بەهۆی مۆرفیمی (-ø)کراوە بە ڕابردوو:

١. They will **cut** some trees tomorrow. بەیانی ئەوان هەندێك دار دەبڕن

[٢٩]-پیتە بزوێنەکان لە زمانی ئینگلیزیدا ئەمانە دەگرێتەوە: (o, u, a, e, i)

٢. They **cut** some trees yesterday. دوێنی ئەوان هەندێك داریان بڕی

٢- هەندێك کردار لە زمانی ئینگلیزیدا دەکرێن بە ڕابردوو بەهۆی گۆڕانی بزوێنی ناو کردارەکە بە بزوێنێکی تر:

- Sing → sang [i → a]
- Shoot → shot [/u:/ → /o/]

٣- هەندێ کردار لەکاتی گۆڕینیان بۆ ڕابردوو، ئەوا شێوەی کردارەکەیان بەتەواوی دەگۆڕێت:

- Go + ed = went
- Make + ed = made

ج. مۆرفیمی ڕێزمانی **Past participle(-ed / -en)**: زۆربەی کردارەکان، لەزمانی ئینگلیزیدا، بەشێوەیەکی یاسای هاوشێوەی مۆرفیمی (-ed) ڕابردوو سادە، دەکرێن بە Past participle بەهەمان مۆرفیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندان کرداری شاز هەن کە بەهۆی مۆرفیمی (-en) دەگۆڕێن بۆ Past participleهەر لەبەرئەمەش، لەچەند بارێکدا مۆرفیمی (-en) بەبەدیلی مۆرفیمی (-ed) دادەنرێت بۆ گۆڕینی کردارەکە بۆ Past participle هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە مۆرفیمی(-en)لەزۆر کاتدا بەیارمەتیدەر دادەنرێت بۆ جیاکرانەوەی لە مۆرفیمی (-ed) ڕابردووی سادە (Past simple) (Stageberg and Oak, ٢٠٠٠: ٩٥)

- Drive → drove (past simple) → driv<u>en</u> (past participle)
- Eat→ ate (past simple) → eat<u>en</u> (past participle)
- Write→ wrote (past simple) → writt<u>en</u> (past participle)

مۆرفیمیڕێزمانی Past participle (-ed / -en) وەکو پاشگر دەچنە سەر کردارێك، ئەگەر لەپێش کردارەکە V. be[٣٠] یان V. have[٣١]هاتبوو:

✓ Subject + V. be + past participle … (passive voice/بکەر نادیار)

- The report is writt<u>en</u>. ڕاپۆرتەکە دەنوسرێت

✓ Subject + V. have + past participle …(perfect/کاری تەواو )

- He has paint<u>ed</u> the house. کوڕەکە (ئەو) خانووەکەی بۆیغ کردووە

(Denham and Lobeck, ٢٠١٣: ١٧٠-١٧١)

د-مۆرفیمی ڕێزمانی **Present participle(-ing)** :ئەم مۆرفیمە ڕێزمانیە، لەزمانی ئینگلیزیدا بە مۆرفیمی (-ing) دەستنیشان دەکرێت. مۆرفیمی ڕێزمانی (-ing) بەردەوامی بە ئەنجامدانی کردارەکە دەبەخشێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو جاکردارەکە چ ڕانەبردوو، یان ڕابردوو،یان داهاتوو بێ. ئەم کردارەی کە مۆرفیمی (-ing) دەچێتە سەر، لە پێشەوە V. be دێت:

✓ Subject + V. be + V. stem+ ing

- I am mowing the lawn. (Present progressive).(ئێستا) چیمەنەکە دەبڕمەوە
- I was mowing the lawn. (Past progressive) چیمەنەکەم دەبڕیەوە.

٣٠- V. be، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەمانە دەگریتەوە: be, am, is, are, was, were, been

٣١- V. have، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەمانە دەگرتەوە: have, has, had

- I will be mowing the lawn.(Future progressive).(لەداهاتودا) چیمەنەکە دەبڕمەوە.
(Lieber، ٢٠١٢, ١٠٠ &Denham and Lobeck,٢٠١٣: ١٧٠)

- لەکاتی زیاد کردنی مۆرفیمی (ing-) بۆ کردارەکە:

١- ئەگەر کردارەکە بەیەك پیتی نەبزوێن کۆتای هاتبوو،، لەپێش ئەم پیتە نەبزوێنە تەنها یەك پیتی بزوێن هاتبوو، ئەوا لەکاتی زیادکردنی ئەم مۆرفیمەدا پیتە نەبزوێنەکە دەبێت بە دوو دانە نەبزوێن:

- Cut + ing= cutting

٢- ئەگەر کردارەکە کۆتای بە پیتی (e) نەخوێنراوە هاتبوو، ئەوا لەکاتی زیاد کردنی مۆرفیمی (ing-) بۆ سەر کردارەکە پیتی (e) لادەچێت ئینجا ئەم مۆرفیمە زیاد دەکرێت بۆکردارەکە:

- Shake + ing = shaking

٣- ئەگەر کردارەکە کۆتای بە پیتی (e) هاتبوو و لەپێش ئەم پیتەشدا پیتی (i) هاتبوو، ئەوا (e) لادەچێت و (i) دەگۆڕێت بۆ (y) ئینجا (ing-) زیاد دەکرێت بۆ کردارەکە:

- Lie + ing= lying
- Die + ing = dying (Al-Hamash et al, ٢٠٠٩: ١٣, ٤٣-٤٤)

### ٣-مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی ئاوەڵناو (-er / -est)[٣٢]:

لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها دوو جۆر مۆرفیمی ڕێزمانی هەن، کە وەکو پاشگر دەچنە سەر تەنها ئەو ئاوەڵناوانەی کەلەیەك برگە پێك دێن ئەمانیش: (er-) بۆ بەراورد و (est-) بۆ پلەی باڵا (Stageberg and Oaks, ٢٠٠٠:١٥٨).

أ- **مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی بەراورد (-er):** مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی بەراورد لەزمانی ئینگلیزیدا بە (-er) دەستنیشان دەکرێت .ئەرکی ڕێزمانی ئەم مۆرفیمە بریتیە لە گۆڕینی ئاوەڵناوەکە بۆ پلەی بەراورد واتە بەهۆی ئەم مۆرفیمە (er-) کە دەچێتە سەر ئاوەڵناو دەتوانرێت دووشت بەراورد بکرێن:

- Tall (درێژ)+ er = taller(درێژتر)
- Small (بچوك)+ er = smaller(بچوکتر)

ب- **مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی باڵا (-est):** مۆرفیمی ڕێزمانی پلەی باڵا، لەزمانی ئینگلیزیدا بە (-est) دەستنیشان دەکرێت. ئەرکی ڕێزمانی ئەم مۆرفیمە بریتیە لەگۆڕینی ئاوەڵناوەکە لەپلەی بەراوردەوە بۆ پلەی باڵا:

- Tall (درێژ) + est = tallest (درێژترین)
- Small (بچوك)+ est = smallest (بچوکترین)

- مۆرفیمی ڕێزمانی (er-) و (est-) لە کاتی زیادکردنیان بۆ ئاوەڵناوەکان:

[٣٢]-لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەگەر ئاوەڵناوەکە لە یەك برگە زیاتر بوو، ئەوا بەهۆی مۆرفیمی (er-) و (est-) ناگۆڕێت بۆ پلەی بەراورد و باڵا، بەڵکو لە ڕێگای بەکارهێنانیmore (بۆ بەراورد) وmost (بۆ باڵا) دەگۆڕێت، بەڵام ئەمانە وەکو مۆرفیمی سەربەخۆ بەکادێن لەپێش ئاوەڵناوەکە. بۆنموونە، (جوانتر/more beautiful)و (جوانترین/most beautiful).

١- ئەگەر ئەو ئاوەڵناوەی، كە مۆرفیمەكانی (er-) و (est-) بۆ زیاد دەكرێت بەیەك پیتی نەبزوێن كۆتای هاتبوو و لەپێش ئەم پیتە نەبزوێنەش تەنها یەك پیتی بزوێن هاتبوو، ئەوا پیتە نەبزوێنەكە دەبێت بە دووان:

- Big (گەورە)+ er = bigger (گەورەتر)
- Big (گەورە)+ est = biggest (گەورەترین)

٢- ئەگەر ئاوەڵناوەكە كۆتای (y)هاتبوو، لەپێش (y)نەبزوێنێك یان چەند نەبزوێنێك هاتبوو، ئەوا (y) دەگۆڕێت بۆ (i) ئینجا (er-) یان (est-) زیاد دەكرێت:

- Happy (ئاسودە)+ er = happier(ئاسودەتر) (Al-Hamash et al, ٢٠٠٩: ٤٣-٤٤)

٣- هەندێك لەو ئاوەڵناوانەی، كە لە دوو بڕگە پێك هاتوون بە (y-) یان (ly-) كۆتاییان هاتووە، دەگۆڕدرێن بۆ پلەی بەراورد بە (er-) و بۆ پلەی باڵا بە (est-)، هەروەها (y) دەگۆڕێت بۆ (i):

- Funny (گاڵتەجاڕ)+ er = funnier (گاڵتەجاڕتر) → funniest (گاڵتەجاڕترین)
- Lovely (دڵگیر)+ er = lovelier (دڵگیرتر) → loveliest (دڵگیرترین)

(Stageberg and Oaks, ٢٠٠٠: ١٥٨)

٤- ئەگەر ئاوەڵناوەكە بە (e) كۆتای هاتبوو، ئەوا لەكاتی زیاد كردنی مۆرفیمی (er-) یان (est-) دا (e) لا دەچێت، ئینجا مۆرفیمەكە زیاد دەكرێت:

- Close (نزیك)+er= closer (نزیكتر) → closest (نزیكترین)
- White (سپی)+ er = whiter (سپیتر) → whitest (سپیترین)
- Nice (جوان)+er = nicer (جوانتر) → nicest (جوانترین)

٥- ژمارەیەكی كەم لە ئاوەڵناوەكان بەشێوەیەكی شاز دەگۆڕێن بۆ پلەی بەراورد و باڵا:

- Good (باش)+er = better (باشتر)
- Good (باش)+est = best (باشترین)
- Bad (خراپ)+er = worse (خراپتر)
- Bad (خراپ)+est = worst (خراپترین)

٦- ئەوئاوەڵناوانەی، كە لەدوو بڕگە پێك دێن بەهۆی (er-) و (est-) دەگۆڕێن بۆ پلەی بەراوردو باڵا، ئەگەر بڕگەی دووەم بێ هێزبێت، واتە هێز لەسەر بڕگەی یەكەم بێت:

- Dirty (پیس)+ er = dirtier (پیستر) → dirtiest (پیسترین)
- Thirsty (تینو)+ er = thirstier (تینوتر) → thirstiest (تینوترین)

( Katamba,١٩٩٤: ٤٠)

## ئەنجام

١- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زیاترەو شێوازی بەکارهێنانیان ئاڵۆزترە، بە بەراورد بە زمانی ئینگلیزی.

٢- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی لە شێوەی (پێشگر، پاشگر،...)بەکاردەهێنرێن، بەڵام سەرجەمی مۆرفیمی بەندە ڕێزمانییەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو پاشگر بەکاردەهێنرێن.

٣- لە زمانی کوردیدا، دەشێ چەند مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی لە هەمان وشەدا بەدوای یەکدا بێن، بەڵام لەزمانی ئینگلیزدا تەنیا یەك مۆرفیمی ڕێزمانی لەسەر هەمان وشە بەکاردەهێنرێت.

٤- لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمی وشە داڕێژ دەگونجێت وەکو پاشگر لە دوای مۆرفیمی بەندە ڕێزمانییەکان بەکار بهێنرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بەهیچ شێوەیەك مۆرفیمە وشە داڕێژەکان ناکەونە دوای مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان.

٥- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ئاوەڵناو لە هەردوو زمانی کوردیو ئینگلیزیدا، لێکچوون لە ژمارەو ئاسان بەکارهێناندا.

٦- مۆرفیمی(ناساندن، نەناساندن، ڕەگەز) لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەمانە مۆرفیمی سەربەخۆن.

## سەرچاوەکان

**أ/ سەرچاوە کوردیەکان:**


١- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم -ناو - چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٣- فاروق عمرصدیق، شیروان حسین حمد (٢٠١٥)، توانای مۆرفیمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٣)ی ٢٠١٥.

٤- زمانو ئەدەبی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی (٢٠٠٨)، بەڕێوبەرایەتی گشتی پرۆگرامو چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپخانەی شیمالی ئاند شیمالی بەیروت، چاپی سێیەم.

٥- بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٥)، فۆنێمی (و)ی درێژ لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (١٥) گۆڤارێکی زانستییە بەشی زانستە مرۆیەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات.

٦- کوردستان موکریانی (١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، لە زمانی روسیەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی ی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ناوچەی کوردستان زنجیرە (٤) چاپخانەی ئەدیب بەغدادز

٧- محەمەد مەعروفەتاح، سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی روون سلێمانی.

٨- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٩- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (٢٠٠٨)، نادیاری لێکۆلینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

١٠- عبداللەحسێن رسول (١٩٩٥)، مۆرفیمە رێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە(ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا.

١١- زمانو ئەدەبی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی (٢٠١٢)، بەڕێوبەرایەتی گشتی پرۆگرامو چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپخانەی دار لوبنان، چاپی شەشەم.

١٢- شێرکۆ حمەئەمین قادر (٢٠٠٢)، مۆرفیمە بەندە لیکسیکیو ڕێزمانییەکانو ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی.

١٣- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم هەولێر.

١٤- یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣)، وشەسازی چالاکی لێژنەی ڕێزمان، بڵاوکراوەی ئەکادیمیایی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٥–محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر،دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، چاپی یەکەم ، هەولێر.

**ب/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

١٦- Al-Hamash, Khalil I. (٢٠٠٩). The New English Course for Iraq: Book ٨ Pupil's Book. ٢٥th ed. Kurdistan: HawlerKasia Print.
١٧- Carstairs-McCarthy, A. (٢٠٠٢). An Introduction to English Morphology: Words and Their Structure. UK: Edinburgh University Press.
١٨- Denham, K. and Lobeck, A. (٢٠١٣). Linguistics for Everyone: An Introduction. ٢nd ed. USA: Wadsworth.
١٩- Haspelmath, M. (٢٠٠٢). Understanding Morphology. New York: Oxford University Press Inc.
٢٠- Haspelmath, M. and Sims, A. D. (٢٠١٠). Understanding Morphology. ٢nd ed. UK: Hodder Education.
٢١- Katamba, F. (١٩٩٤). English Words. London and New York: Routledge.
٢٢- Katamba, F. and Stoneham, J. (٢٠٠٦). Morphology. ٢nd Ed. New York: Palgrave Macmillan.
٢٣- Lieber, R. (٢٠١٢). Introducing Morphology. ٣rd ed. Cambridge: Cambridge University PressInc.
٢٤- Stageberg, N. C. and Oaks, D. D. (٢٠٠٠). An Introductory English Grammar. ٥th ed. USA: Harcourt Press.
٢٥- Yule, G. (٢٠١٠). The Study of Language. Cambridge: Cambridge University Press.

**مستخلص البحث**

البحث الموسوم (دراسة حكاية للمورفيمات الاعرابية بين لغتي الكوردية وةالانجليزية) يتكون من مقدمة و ثلاثة أقسام و خاتمة،و قائمة المصادر والمراجع.ففي المقدمة هناك ملخص عن طبيعة الموضوع ، وفي القسم الاول من البحث تناولنا المورفيم – أنواعه و أشكاله، وخصصنا القسم الثانى للمورفيمات الاعرابية في اللغةالكوردية – كيفية تقسيماتها واستخدامها مع الاسم ، الفعل والنعت، وفي القسم الثالث والاخير خصصنا البحث عن المورفيمات الاعرابية فى اللغةالانجليزية.ولاشك فى أن الدراسة تناولت النقطةالخلافية والمشتركة فى المورفيمات الاعرابية في كلتا اللغتين معززة بالأمثلة.

## Abstract

This research is under the title of (a comparative study of inflectional bound morphemes in Kurdish and English).It consists of an introduction, three sections, conclusions and a list of references. At the beginning of the research there is an introduction about the subject, then, the first section introduces morphemes, the types of morphemes and their forms. The second section is devoted to inflectional bound morphemes in Kurdish with their classifications and identifying and using them with (noun, verb and adjective). The third section analyses the inflectional bound morphemes in English. The research shows the similarities and dissimilarities of inflectional bound morphemes in the two languages and supports them by examples.